www.kurdistannet.org

## بەیاننامەی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

# ئەنفال و هەڵەبجەو تراژیدیاکانی تر بەشێکن لە زاکیرەی نەتەوایەتیمان

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان
لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ دوو بیرەوەریی تاڵ بەقەد تالآیی مێژوو دەستەو یەخە دەبینەوە، کە هەر یەکەیان زامێکی قوڵە بە جەستەی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوەو تا چەندان نەوەی تر کاریگەرییان دەمێنێتەوە:

یەکەمیان: خنکاندنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی.
دووەمیان: کوشتارە بێوێنەکانی ئەنفالی ناوبانگ ڕەش.

ئەم دوو کوشتارە گەورەیە تەنیا دڕندەیەتی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی عێراق لە شەڕی جینۆسایددا دژی گەلەکەمان دەرناخات، بەڵکو بێ موراڵیی و دوولۆنی سیاسەتی نێودەوڵەتانیش پیشان دەدات، لە پێشەوەیان سیاسەتی زلهێزان و UN و وڵاتانی ئیسلام و عەرەب، کە بە بەرچاویانەوە گەلی کوردو وڵاتەکەی قڕو وێران کران و دەکرێن و، تائێستاش هیچ پشتیوانییەک لە ئازادیی و سەربەخۆیی گەل و وڵاتەکەمان ناکەن.
ئێمە وەک نەتەوەو وەک بزاڤی ڕزگاریخوازیی دەبوایە ئەم دوو تراژیدیایە بە قوڵیی فکرو سیاسەت و پرۆگرامەکانی کارکردنمان بهێنایەتە گۆڕان. ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی کە لە بواری فکری و سیاسی و کولتووریی و نەتەوایەتیدا دەبێ هەڵوێستەی جدی لەسەر بکەین و کاری لەسەر بکەین.
لە هەمان کاتدا جەخت لەوە دەکەین کە گەلەکەمان و بزاڤەکەی، نابێت بە هیچ چەشن و لە هیچ بارودۆخێکدا لە بەرپاکارانی شەڕی جینۆسایدو ئەم تراژیدیاو تاوانانە خۆشبن، کە دەوڵەتی عێراق و لە پێشەوەیان سەرانی ئەم دەوڵەتەو دەزگا سەرکوتکارەکانی سوپاو حزبی بەعس دەگرێتەوە.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان
ڕای گشتی گەلەکەمان لە ناوەو دەرەوە
وەک دەزانن حکومەتەکەی هەولێری "پدک" بە ڕەفتارێکی نادیموکراتیی و نایاساییانە و بە تۆپزیی و بە زەبری چەکدارەکانی بارەگاو ڕۆژنامەو ڕادیۆو هەموو مینبەرەکانی ئێمەیان داگیر کردو بە تاڵان بردنیان و حزبەکەمانیشیان لە ناوچەکانی بندەسەڵاتی خۆیان لە خەباتی ئاشکرا قەدەغەکردووە.

هەر بۆیە لە ڕێگەی ئەم بەیاننامەیەوە بۆ جارێکی تر دەنگ و وەزەو توانای خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگ و توانای ئەو کوردە نیشتمانپەروەرو دەزگا کوردییانەی دەرەوە کە داوای گرتن و دادگایی کردنی سەرۆک ئەرکانی پێشووی سوپای عێراق نزار الخزرجي تاوانبار دەکەن. داوا لە هاوڕێیان

www.kurdistannet.org

و دۆستانمان و هاوولاتیان دەکەین بەهەرچ شێوەیەک بۆیان دەرەخسێت پشتیوانیی خۆیان لەو هەڵمەتە کوردستانییە بکەن کە داوای دادگایی کردنی ئەو جەلادە خوێنڕێژە دەکات. لەهەمان کاتدا داوا لە ناوەندەکانی دەرەوەی پارتەکەمان پارتی کاری سەربەخۆیی دەکەین بە هەموو هێزو توانایانەوە بەشداری ئەو چالاکییانە بکەن و لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی تردا شان بدەنە بەر ئەو کارەو داوا لە کوردانی دەرەوەش دەکەین بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە بەشدارو هاریکارو پشتیوانی ئەم هەوڵە بن کە هەنگاوێکی جدییە بۆ داکۆکییکردن لە خوێنی بەناهەق رژاوی ٢٠٠ هەزار مرۆڤ و سەنگەرێکە بۆ گەڕانەوەی بەشێک لە بەهاو کەرامەتی بە پۆستاڵ شێلراوی گەلەکەمان.

لە هەمان کاتدا بە توندی نارەزایی و بێزاریی خۆمان لەو دەنگە ناسازەی بەشێک لە هێزە عێراقیی و هێزە دەسترۆیشتووەکانی باشووری کوردستان رادەگەیەنین، کە کەوتونەتە پاکانەکردنێکی پێشەرمانەو نا ئینسانیانە بۆ سوپای ئەنفالچی و دەوڵەتی رەگەزپەرستی عێراق و رێز لە شەشی کانوون، رۆژی دامەزراندنی ئەم دەزگا دژ بە ئینسانییە دەگرن و زۆر چاوقایمانە تەوهین بە گەلی کوردستان و خەڵکی ئەنفالکراوو پاشماوەی ئەنفالکراوەکان دەکەن و داکۆکیی لە نزار الخزرجی دەکەن بە بیانووی ئەوەی گوایە ئەو جەلادە تاوانباری سەرەکیی نییە، وەک بڵێی تاوانباری سەرەکیی یەک نەفەر بێت.

ئێمە پێمانوایە دیفاعکردن (هەر جۆرە دیفاعکردنێک) لەم تاوانبارە ئەنفالچییە چرنوک خوێناوییە ، تەنیا بۆچوون و بازرگانییەکی سیاسیی و کارێکی چەوت نییە، بەڵکو لەپشت ئەم بۆچوونەوە عەقڵییەتێکی سیاسیی خۆی حەشارداوە. ئەم عەقڵیەتە ئەگەر سبەی بارەگاکانی بگوازێتەوە بەغداد ، یان بەیەکجارەکیی دەوڵەتی ئەنفالچی عێراق بهێنێتەوە کوردستان، ئەوکاتە لە سەدام حسێن و هەموو هاوکارەکانی لە بابەت علی حسن مجیدو عیزەت دووری و تارق عزیزو تەها رەمەزان و قوسەی سەدام و لە هەموو (ئالی حسێن و سەدام) خوشدەبێ و داکۆکیی لە دەزگا کوردکوژەکانی ئەم دەوڵەتە ئەنفالچییەش دەکات.

ئەو عەقڵیەتەی کە نزار الخزرجی پێ تاوانبار نەبێت، عەقڵیەتێکە هەموو کارێکی لێ چاوەڕوان دەکرێت، تەنانەت ئەوەش کە لە ئایندەدا تەواوی ئەنفال و هەڵەبجەو تراژیدیاکانی تریش فەرامۆش بکات.
ئێمە دڵنیاین کە داکۆکیی کردن لە خەزرەجی و سوپای عێراق داکۆکییەکی ناڕاستەوخۆیە لە مێژووی سەرتاپا خوێنڕێژانەی سەدام حسێن و حزب و دەسەڵاتەکەی.
ئەوانەش کە دەیانەوێت کارەسات و کوشتارەکانی ئەنفال و هەڵەبجەو هەشت هەزار بارزانی و .. ئەوانی تر کاڵبکەنەوە یان پشگوێ بخەن، ئەو رایانە لە ژێر هەرچ پەردە و هەرچ دروشمێکدا خۆیان بشارنەوە، بە پلەی یەکەم پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستانن و بەپلەی دووەمیش پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراقی دراوسێن. ئەو جۆرە رایانە ئایندەیەکی بێ ئەنفال و بێ چەکی کیمیایی و بێ سەدام حسێنیان بۆ باشووری کوردستان و دەوڵەتی عێراق ناوێت.
هەروا لە کۆتاییدا دەڵێین لەگەڵ هەموو ئەو ئالۆزییانەی لە باشووردا هەن لەگەڵ ئەوەی هێزە حوکمڕانەکان لە تاریکاییە ئایندە نەزانراوەکانداو بە قازانجی ئەنقەرەو بەغدادو تاران کاردەکەن، هێشتا باریکە بواری ئەوە ماوەتەوە گەلەکەمان و باشووری کوردستان لە خەتەری

www.kurdistannet.org

گەورە بپارێزرێت و خۆی وەک گەلێکی خاوەن کێشە لە ئایندەی عێراق و ناوچەکەدا بسەپێنێت. تاقە ڕێگایەکیش بۆ ئەم کارە ئەوەیە کە فشارێکی جدیتر بخرێتە سەر هەردوو حزبە حوکمڕانەکەی باشوور کە لە دەوڵەتانی داگیرکەر دوورکەونەوەو ئاشتی وەک پرۆسەیەکی سیاسیی فەرز بکرێت و بەشە ڕزگارکراوەکانی کوردستان یەکبخرێتەوەو ئامادەباشی بۆ هەر گۆڕان ئەگەرێک لە عێراق و ناوچەکەدا، ساز بکرێت.

سەرکەوتووبێت پرۆسەی گرتن و دادگاییکردنی نزار الخزرجی جەللاد، وەک سەرەتایەک بەرەو دادگاییکردنی دەوڵەتی عێراق و سەرۆکە فاشستەکەی و سەرکردایەتی بەعس و سوپاو موخابەرات و ئەمنی عامەی عێراقیی.

ئەنفال و هەڵەبجەو کوشتارو تراژیدیاکان دەبنە بەشێک لە یادەوەریی گەلەکەمان و لەگەڵماندا گەورە دەبن.

**بیرۆی سیاسیی**
**پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان**
**٢٠٠٢/٣/١٢**